# ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار لە ڕووی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا ( زمانی ڕاگەیاندن ) وەك نموونە

د. بێستوون حەسەن ئەحمەد/ سکوڵی پەروەردە/ فاکەڵتی پەروەردەو ڕامیاری چەمچەماڵ

## پێشەکی

**٠/١) گرنگی بابەتەکە:**

زمانی ڕاگەیاندن، یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێش هەموو کەس ئەرکی مامۆستایانی زمانی کوردییە، لە بارەیەوە بدوێن و شیبکەنەوەو پەسنی بکەن. بەو ئامانجەی ئەم شیکردنەوانە ببنە ڕێنیشاندەرێك بۆ ڕاگەیاندنکاران و ڕێژەی ئەو هەڵانەی، کە بەردەوام دووبارە دەکرێنەوە، کەمبکرێنەوە.

**٠/٢) سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

ئەو نموونانەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا هێنراونەتەوە، هەموویان لەو ڕاگەیاندنانەوە وەرگیراون، کە زمانی نووسینیان بریتییە لە کرمانجی خوارووی زمانی کوردیی و، کەناڵی بینراوی هەواڵین. لەڕووی کاتیشەوە تەنها سوود لە سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١١ و سێ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ وەرگیراوە. سنووری وەرگرتنەکەش تەنها سەردێری هەواڵەکان بووە.

**٠/٣) سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە. سەرچاوەی پێویست بۆ باسی ڕێککەوتن لە زماندا بەگشتیی و زمانی کوردیی بە تایبەتی لەبەردەستا بوون. بەڵام کۆکردنەوەی نموونەی ڕاگەیاندنەکان کارێکی بێ کێشەو زەحمەت نەبووە.

**٠/٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆلینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی بەکارهێنراوە.

**٠/٥) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**


لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، باس لە ڕێککەوتنی ژمارەیەك لە زمانەکانی جیهان و زمانی کوردی دەکات. جۆری ڕێککەوتنەکان لە زارو شێوە زارەکانی زمانی کوردیدا، بە نموونەوە خراونەتەڕوو. بەشی دووەم، تەرخانکراوە بۆ زمانی ڕاگەیاندن و ئەو نموونانەی کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە وەرگیراون. ڕاستەوخۆ لەگەڵ نموونە هەڵەکاندا، ڕاستکرنەوەی هەڵەکان خراونەتە بەرچاو. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجام و پێشنیازو ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەکە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکاندا پیشاندراون.

**بەشی یەکەم: ڕێککەوتن و تیۆری پێویست**

**١/١) ڕێککەوتن لە زماندا**

زۆرێك لە زمانەكانی جیهان، كەرەستە بنەڕەتییەكانی ناو ڕستەیان، لە ڕووی هەندێك چەمكو تایبەتمەندی ڕێزمانییەوە (كەس، ژمارە، توخم، دۆخ) ڕێكدەكەون [1]. مەرج نییە لە یەك زماندا، هەر چوار جۆرە ڕێككەوتنەكە بەدی بكرێن، بەڵكو جۆری ڕێككەوتنەكان بەپێی زمانەكان دەگۆڕێن. ئەم لێكۆڵینەوەیە بە پێویستی دەزانێت دروستەی ڕستە لە زمانی كوردیدا بخاتە بەردەست، بڕوانە ئەم ڕستەیە: منداڵەكان دەڕۆشتن.

بڕوانە نەخشەی ژمارە (١).




**نەخشەی ژمارە (١)**

ئەم نەخشەیە ڕوونیدەكاتەوە، كە ڕێككەوتنی نێوان بكەرو كردار لە چەمكە ڕێزمانییەكانی كەسو ژمارەدا، بەهۆی مۆرفێمی كەسی كردارەوە دەبێت. چونكە كردار لە زۆربەی زمانەكانی جیهاندا لە مۆرفێمی كەسو كاتو ڕەگو هەندێكجاریش ئەسپێكت پێكدێت.

لە زمانی كوردیدا ڕێككەوتن لە نێوان سەری ڕێزمانییو تەواوكەردا دەبێت، هەموو ڕێككەوتنەكان لە نێوان كەرەستە سەرەكییەكانی (بكەر، بەركار، كردار) ڕستەدا، لە پێناوی ڕێككەوتنی بكەرو كرداردایە، واتە كاتێك بكەر لەگەڵ بەركارو بەركاریش لەگەڵ كرداردا ڕێكدەكەوێت، واتای ڕێككەوتنی نێوان بكەرو كردار دەگەیێنێت، لە زمانی كوردیداو بەپێی تیۆری حوكمكردن كاتو كەسی كردار حوكمی فرێزی بكەری دەكەن، هەربۆیە دەبێت فرێزی ناوی بكەریی، لەگەڵ كەسی ناو كردارەكەدا لە ڕووی كەسو ژمارەوە ڕێكبكەویت، ئەمە لە لایەكەوە لە لایەكی ترەوە ڕەگی كردار حوكمی فرێزی بەركاری دەكات[2].

١/١/١) ڕێككەوتن لە هەندێك لە زمانەكانی جیهاندا

---

١- بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤: ١٥٩)، بڕوا ڕەسوڵ ئەحمەد ، (٢٠١١: ٢٥).

(٢) بۆ زانیاری دەربارەی حوكمكردن بڕوانە: (ا) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٠ : ٢٦- ٦١) (ب) حاتەم ولیا محەمەد، ( ٢٠٠٦: ٦٩) (پ) ئازاد ئەحمەد حسەین، (٢٠٠٩: ٣٨- ٥٢)

نموونەو جۆری ڕێککەوتن لە هەندێك زماندا، لە خوارەوە دەخرینەڕوو.

١- زمانی فارسیی: بە پێی جیاکردنەوەی خێزانی زمانەکان، زمانی کوردیو فارسی سەر بە خێزانی زمانە ئێرانییەکانن، واتە نزیکن لە یەکترییەوە[٣]. (بڕوانە (١)).

١- ا) من دیروز یك کتاب خواندم.

ب) شما قلم را پیدا کرد ید[٤].

لە (١) دا جۆری ڕێککەوتنەکە، لە ڕووی کەسو ژمارەوەیە.

٢- زمانی عەرەبی: بۆ نیشاندانی جۆری ڕێککەوتن لە زمانی عەرەبیدا (بڕوانە (٢)).

٢- جاء المدرس الذکی. (مامۆستا زیرەکەکە هات)

لە نموونەی ژمارە (٢) دا ناوی (المدرس)و ئاوەڵناوی (الذکی)، لە ڕووی ژمارەو دۆخو توخمەوە ڕێککەوتوون. لە ڕووی ژمارەوە ناوو ئاوەڵناو هەردووکیان تاکن. لە ڕووی دۆخەوە هەردووکیان دۆخی ڕێزمانی بکەرییان هەیە، واتە مەرفوعن (Nominative). لە ڕووی توخمەوە هەر دووکیان ئاماژە بۆ نێر دەکەن.

٣- زمانی تورکی: بۆ نیشاندانی جۆری ڕێککەوتن لە زمانی تورکیدا (بڕوانە (٣)).

3- ben sen gurdm. (من تۆم بینی)

### ٢/١/١) ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار لە زمانی کوردیدا

پێش ئەوەی باسی ڕێککەوتن بکرێت، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت پەیوەندی لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا بوونی هەیە، کردار پێکهاتەی ڕستە لە زمانی کوردیدا دیاریدەکاتو هەڵبژاردنی جۆری بکەرو بەرکاریش هەر لەلایەن کردارەوە دەبێت. ئەم بابەتە بە ستراکچەری ئارگۆمینت لە زانستی زماندا ناوبراوە[٥]. هەرچی دەربارەی ڕێککەوتنە لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێك ڕێککەوتن هەن، لەوانە: ڕێککەوتنی نێوان بکەرو بەرکار، ڕێککەوتنی نێوان بەرکارو کردار، ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار، (بڕوانە (٤)).

٤- ا) ئازاد هات.

لە (٤- ا) دا، بکەر و کردار ڕێککەوتوون لە کەسو ژمارەدا.

ب) ئێمە نانەکەمان خوارد.

لە (٤- ب) دا، بکەر و بەرکار ڕێککەوتوون لە کەسو ژمارەدا. لە بنەمادا دەبێت ڕێککەوتن هەبێت لە نێوان بەرکار کرداریشدا، چونکە لە زارو شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردیدا، ئەم ڕێککەوتنە بە دی دەکرێت[٦].

---

(٣) بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر، (٢٠٠٣: ١٠)، ڕەفیق شوانی، (٢٠٠٨: ١٤)

(٤) وەرگیراوە لە: عەدنان عەبدولڕەحمان سەجادی، (٢٠١٠: ١٠٢، ٢٦١).

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(V.J.cook and Mark new son,(1988:160

(٦) ڕێککەوتن لە شێوە زاری هەورامیو زاری کرمانجی ژووروودا:

یەکەم: ڕێککەوتن لە شێوە زاری هەورامیدا:

لەم شێوە زارەدا، چەند جۆرێك ڕێککەوتن بەدی دەکرێن، کە بریتین لە:

١- ڕێککەوتنی نێوان بکەرو بەرکار لە لایەك، ڕێککەوتنی نێوان بەرکارو کردار لە لایەکی دیکەوە، کە ئەم ڕێکەوتنانە لە یەك ڕستەدا کۆ دەبنەوە.

وەك/ من شمە م بەردیدێ. (من ئێوەم برد)

لەم ڕستەیەدا جێناوی سەربەخۆی (من)، کە بکەری ڕستەکەیە. جێناوی لکاوی (م) ی بەخشیوە بە (شمە)، کە بەرکاری ڕستەکەیە. بەم شێوەیە ڕێککەوتن لە نێوان بکەرو بەرکاری ڕستەکەدا، لە ڕووی کەس‌و ژمارەوە دروستبووە. لەلایەکی دیکەوە بەرکار (شمە) جێناوێکی لکاوی بە هەمان کەس‌و ژمارەی خۆی بەخشیوە بە کۆتایی کردارەکە (بەردیدێ). بەم جۆرە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکارو کرداری ڕستەکەدا دروستبووە، ئەم ڕێککەوتنە لە ڕووی کەس‌و ژمارەوەیە. ئەم دوو ڕێککەوتنە لە پێناو ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کرداردایە، چونکە ئەگەر بکەر لەگەڵ بەرکارو بەرکاریش لەگەڵ کرداردا ڕێکبکەوێت، کەواتە ئەم ڕێککەوتنانە لە پێناوی ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کرداردایە.

ڕێککەوتنی دیکە بەرچاو دەکەوێت لە نێوان بکەرو بەرکار، بەرکارو کردار لە ڕووی چەمك‌و تایبەتمەندی ڕێزمانی ترەوە.

وەك / من ئادە م بەرد ە $\emptyset$. (من ئەوم (مێ) برد)

لەم ڕستەیەدا جێناوی سەربەخۆی (من)، کە بکەری ڕستەکەیە لەگەڵ جێناوی سەربەخۆی (ئادە) ڕێککەوتووە. لە ڕووی چەمکی ڕێزمانی کەس‌و ژمارەوە ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی دیکەوە جێناوی سەربەخۆی (ئادە)، کە بەرکاری ڕستەکەیە لە گەڵ کرداری ڕستەکە (بەردە $\emptyset$) دوو جار ڕێککەوتووە، یەکەمیان لە ڕووی کەس‌و ژمارەوەیە، چونکە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، لە دەستەی سێیەمی جێناوە لکاوەکانی شێوە زاری هەورامییە. کە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك برتییە لە ($\emptyset$). دووەمیان جۆری ڕێککەوتنەکە لە ڕووی توخمەوەیە جێناوی سەربەخۆی (ئادە) مێیە، هەر لەبەر ئەمەیە، (ە) نیشانەی مێ لە کۆتایی کردارەکەدا دەرکەوتووە. ئەگەر بەرکارەکە بگۆڕدرێت بە (ئاد)، کە بۆ نێر بەکاردێت ئەوا ئەو (ە) ی، کە نیشانەی مێیە نامێنێت، نیشانەی نێر لەم حاڵەتەدا دەرناکەوێت. کەواتە بریتییە لە ($\emptyset$). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم ڕستەیە:

/ من ئادْ م بەرد $\emptyset$ $\emptyset$. (من ئەوم (نێر) برد.)

٢- ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار

بکەرو کردار لە شێوە زاری هەورامیدا، لە چەند حالەتێکدا ڕێکدەکەون، کە بریتین لەمانە:

أ- کرداری تێنەپەڕ بە ڕابردوو ڕانەبردووییەوە:

وەك/ تۆ ئامای. ( تۆ هاتی) – ڕابردوو

من ملوو . (من دەڕۆم) – ڕانەبردوو – داهاتوو

ب- کرداری تێپەڕی ڕانەبردوو بە کاتی ئێستا و داهاتوویەوە:

ئێستا/ ئێمە نان موەرای موەرمێ . (ئێمە وا نان دەخۆین) ڕانەبردوو

داهاتوو/ ئێمە نان موەرمێ . (ئێمە نان دەخۆین) ڕانەبردوو

بە نموونەکاندا دەردەکەوێت، کە هەموو ڕێککەوتنەکانی خاڵی دووەم، ڕێککەوتنن لە کەس‌و ژمارەدا.

دووەم: ڕێککەوتن لە زاری کرمانجی ژووروودا:

لەم شێوە زارەدا، ڕێککەوتنەکان لە ڕووی چەمکی ڕێزمانی کەس‌و ژمارەوەن، لە ناو ڕێککەوتنی کەس‌و ژمارەشدا. چەند جۆرێك ڕێککەوتن بەدی دەکرێن، کە بریتین لە:

١- ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار بە تێنەپەڕو تێپەڕەوە.

تێنەپەڕ:

وەك/ ئەز دکەڤم. (من دەکەوم) ڕانەبردوو – ئێستا

ئەو دێکەڤن. (ئەوان دەکەون) ڕانەبردوو – داهاتوو

تێپەڕ:

ئەز وە دبەم. (من ئێوە دەبەم) ڕانەبردوو – ئێستا

ئەم تە دێنڤیسین. (ئێمە تۆ دەنووسین) ڕانەبردوو – داهاتوو

٢-ڕێککەوتنی نێوان بەرکارو کردار.

وەك/ من هون دیتن. (من ئێوەم بینی) – ڕابردوو

٣/١/١) ناو و جێناو وەك فرێزی بكەرو ڕۆڵیان لە ڕێككەوتندا

ناوو جێناو لە لایەكەوە ئەركی بكەر لە ڕێزماندا دەبینن، لە لایەكی ترەوە دەبێت ڕێكبكەون لەگەڵ كرداری ڕستەكاندا. لە كرمانجی خواروری زمانی كوردیدا، تەنها ڕێككەوتن لەڕووی چەمكی ڕێزمانی كەس‌و ژمارەوە بەدی دەكرێن. لەبەر ئەوە ئەم لێكۆڵینەوەیە باس لە ڕێككەوتنی توخم‌و دۆخ ناكات. چونكە دۆخ ئەبستراكتەو توخمیش بوونی نییە.

ناو وەك بەشێكی گرنگی ئاخاوتن، لەڕووی ژمارەوە كێشەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دروستكردووەو هەڵەیەكی زۆری تێدا دەكەن. لێكۆڵەر بەپێویستی دەزانێت تیشكێك بخاتە سەر ناو.

ناو:"ناو ئەو وشەیەیە كە ناوی گیانداریك یان بێگیانێك یان بیرێك یان كارێك دیاریدەكات"(٧). ناو لە زۆر ڕووەوە پۆلكراوە، لەوانە: ناو لە ڕووی ناوەڕۆكەوە، ناو لە ڕووی هەبوونەوە، ناو لە ڕووی ڕۆنانەوە، ناو لە ڕووی توخمەوە، ناو لە ڕووی ژمارەوە، ناو لە ڕووی ژمێردراوی‌و نەژمێردراوییەوە.

ئەوەی پێوەندی بەم لێكۆڵینەوەیەوە هەیە، بۆ ئەم بابەتە گرنگ‌و جێگەی بایەخە برتییە لە: ناو لە ڕووی ناوەرۆكەوە، ژمارەوە، ژمێردراوی‌و نەژمێردراوییەوە.

ناو لە ڕووی ناوەرۆكەوە:

ناو لە ڕووی ناوەرۆكەوە، دەكرێت بەسێ جۆرەوە: ناوی تایبەتی، ناوی گشتیی، ناوی كۆمەڵ.

ئەوەی كێشەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دروستكردووە، ناوی كۆمەڵ‌و ناوی گشتییە، چونكە ناوی كۆمەڵ "لە ڕواڵەتدا تاك‌و لە ناوەڕۆكدا كۆ نیشاندەدات"(٨). نموونەی ئەم جۆرە ناوە (گەل، لەشكر، هۆز، میللەت...هتد)ن.

فرێزی ناوی بكەر لەگەڵ كرداردا لە ڕووی تاك‌و كۆییەوە ڕێكدەكەوێت، بەڵام ناوی كۆمەڵ بە هەردوو شێوەكەی دێت، بەكارهێنانی یەكێكیان هەڵە نییە (بڕوانە (٥)).

٥- ا) میللەت نارازییە.

ب) میللەت نارازین.

ناوی گشتیش "بەو ناوە دەوترێت، كە بەسەر ئەو هەموو گیاندارو بێگیان‌و بیرو كارانەدا دابڕاوە، كە خاوەنی یەك ڕەگەزن"(٩). لە ڕووی تاك‌و كۆییەوە ناوی گشتی، بە هەردوو شێوەكەی بەكاردەهێنرێت. چ بە شێوەی تاك یان بە شێوەی كۆ (بڕوانە (٦)).

٦- ا) مرۆڤ بەڕێزە.

ب) مرۆڤ بەڕێزن.

نموونەی (٦-ب) بۆیە ڕێگەپێدراوە چونكە وشەی /مرۆڤ/ لە ناوەرۆكدا واتای كۆیی هەڵگرتووە.

پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوونبكرێتەوە، ئەگەر مۆرفێمی كۆ /___ان/، چووە سەر ناوێكی كۆمەڵ یان گشتیی، ئەوا بە هیچ شێوەیەك ناگونجێت وەك تاك ئاماژە بەو ناوە بكرێت (بڕوانە (٧)).

٧- ا) گەلانی عێراق ڕاپەڕین.

ب) * گەلانی عێراق ڕاپەڕی

پ) ژنان میهرەبانن.

ت) *ژنان میهرەبانە

---

ئەو زمانانەی ڕێككەوتنی نێوان بەركارو كرداریان هەیە، بە زمانی ئێرگەتیڤی ناسراون. بە نموونەكاندا دەردەكەوێت، كە جۆری ڕێككەوتنەكان لە زاری كرمانجی ژووروودا، ڕێككەوتنن لە كەس‌و ژمارەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤: ٨٦ )" ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، (٢٠٠١).

(٧) ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ٩٣)

(٨) ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ٩٨)

(٩) سەرچاوەی پێشوو: (٩٦)

مۆرفێمەکانی ناسراوی‌و نەناسراوی ( _ەکە،_ێك) جگە لە ڕۆڵە سینتاکسییەکەیان، واتای تاکییەتی دەبەخشن بە ناو، واتە ئەگەر توانرا ناوێکی گشتیی لە ڕووی ژمارەو وەك کۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە کاتی بە ناسراو یان نەناسراو کردنیدا، ئەو بوارو مەودایە نامێنێتەوە (بڕوانە (٨)).

٨– ا) کوڕەکە هات.

ب) *کوڕەکە هاتن

پ) کوڕێك هات.

ت) *کوڕێك هاتن

ناو لە ڕووی ژمارەوە: زمانەکانی جیهان لە ڕووی چەمکی ڕێزمانی ژمارەوە جیاوازن، زمان تاك‌و جووت‌و کۆی هەیە، وەك زمانی عەرەبی. جۆرێکی دیکەیان تاك‌و جوت‌و سێیی‌و کۆی تیدا دەستنیشان دەکرێت. وەك زمانی فینجی‌و تیگری[10].

لە زمانی کوردیدا یەك تاکە‌و لە یەك زیاتر کۆ نیشاندەدات، واتە نە جووت‌و نە سێیی بوونیان نییە. لێرەدا بە پێویست دەزانرێت پێناسەی هەریەك لە ناوی تاك‌و ناوی کۆ بخرێنەڕوو.

ناوی تاك: "ئەو ناوەیە کە تەنیا کەسێك یان شتێك نیشاندەدات"[11]. هەرچی ناوی کۆشە: بریتییە لەو ناوەی کە چەمکی زیاتر لە کەسێك یان شتێك نیشاندەدات. مۆرفێمی تایبەت بە کۆ لە زمانی کوردیدا، /__ان/و ئەلۆمۆرفەکانییەتی. واتە هەر ناوێك کۆتایی بە /__ان/، /__یان/،/__ات/،/__وات/، /__جات/، /__هات/، /__ەها/، /__گەل/ هات، بە مەرجێك ئەم مۆرفێم‌و ئەلۆمۆرفانە بەشێك نەبن لە وشەکە‌و چەمکی کۆ بگەیێنن، ئەوا ئەو ناوە بە کۆ ئەژماردەکرێت.

جگە لەم حاڵەتانە حاڵەتی دیکەش هەن کە ناو کۆ دەکەنەوە، وەك:

١- زۆرجار ناوی گشتیی چەمکی کۆ دەگەیێنێت (بڕوانە (٦-ب)).

٢- ئەگەر لە پێش ناوەوە هەر ژمارەیەك هات چەمکی کۆی گەیاند، بە واتایەکی دی جگە لە ژمارە یەك. ئەوا ئەو ناوە مامەڵەی کۆی لەگەڵدا دەکرێت (بڕوانە (٩)).

٩– لەم ساڵدا ٢٣٠ مامۆستا دامەزراوون.

٣– ئەگەر دوو ناو بە ئامرازی لێکدانی /_ و_/ لێکدران، ، ئەوا وەك کۆ ئەژماردەکرێن (بڕوانە (١٠)).

١٠) ئارۆ‌و ئینان هاتن.

٤– ئەگەر دوو ناو بە ئامرازی لێکدانی /_ یان_/،/_ بەبێ_/،/_ لەگەڵ_/ ئەوا وەك تاك، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. (بڕوانە (١١)).

١١– ا) ئارۆ یان لەنی هات.

ب) لاڤۆ بەبێ ئارۆ ڕۆشت.

پ) لاڤۆ لەگەڵ لەنی کەوت.

٥– ئەگەر دوو ناوی کۆ بەهۆی ئامرازی لێکدانی /_ و_/،/_ یان_/،/_ بەبێ_/،/_ لەگەڵ_/ لێکدرابوون، ئەوا مامەڵەی کۆ یان لەگەڵ دەکرێت (بڕوانە (١٢)).

١٢– ا) کوڕەکان‌و کچەکان هاتن.

ب) کوڕەکان یان کچەکان هاتن.

پ) کوڕەکان بەبێ کچەکان هاتن.

ت) کوڕەکان لەگەڵ کچەکان هاتن.

---

(١٠) بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، (٢٠٠٤: ١٦٠)

(١١) ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٤٠)

٥) بوونی ڕادەو ڕادەئاساکانی وەك (هەندێك، زۆربەی، گشت، هەموو، کەمێك، پیچێك، چۆڕێك، تۆزێك، مشتێك، قومێك،...هتد) هەڵسوکەوت لەگەڵ ژمێردراو و نەژمێردراودا دەکەن.

ناو لە ڕووی ژمێردراوی‌و نەژمێردراوییەوە: ناو لە ڕووی ژمێردراوی‌و نەژمێردراوییەوە دەبێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم: ناوی ژمێردراو: لە زماندا هەندێك ناو هەن زۆر بە ئاسانی دەژمێردرێن، یان ئەو ناوانەن کە مرۆڤ لە توانایدا هەیە بیان ژمێرێت.

وەك/ پیاو، شێر، ڕووبار...هتد

دووەم: ناوی نەژمێردراو: هەندێك ناو بە ڕێگای ژماردن کۆ ناکرێنەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پێوانەی (چەندێتی) کۆ دەکرێنەوە، یان ئەو ناوانەن کە مرۆڤ لە توانایدا نییە بیان ژمێرێت.

وەك/ برنج، ئاو، شیر، خوێ...هتد

هەڵسوکەوتی ناو لەگەڵ ڕادەدا، یەکێکە لەو بابەتانەی پێوەندی بە تاك‌و کۆیی ناوەوە هەیە. بۆیە دەبێت ڕوونبکرێتەوەو بزانرێت پێناسەو جۆرو بەشەکانی ڕادە چین. "وشەکانی ڕادە ئاماژە بۆ بڕێکی دیاری نەکراو دەکەن، بۆ ئەو ناوەی کە لە دوایان دێت"[١٢]. یان ڕادە " بریتین لەو وشانەی کە ڕێژەی شت بەدیار دەخەن"[١٣]. لێکۆڵەران خۆیان بە پۆلکردنی ڕادەوە خەریککردوەو بەشەکانیان جیاکردوەتەوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویستی نازانێت خۆی بەم بابەتەوە خەریك بکات.[١٤] ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی ژمێردراودا بەکارهات، ئەوا ئەو ناوە دەبێت، مامەڵەی کۆی لەگەڵدا بکرێت (بڕوانە (١٣)).

١٣- ا) هەندێك خوێندکار هاتن.

ب) گشت مامۆستایان ڕۆشتوون.

پ) زۆربەی هەژاران ناڕازین.

ت) سەرجەم کەناڵەکان ئامادەبوون.

بە لام بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی نەژمێردراودا بەکارهات، ئەوا ئەو ناوە دەبێت، مامەڵەی تاکی لەگەڵدا بکرێت (بڕوانە (١٤)).

١٤- ا) تۆزێك شەربەت خورایەوە.

ب)گشت ئاردەکە بێژرا.

پ) زۆربەی ئاوەکە بەفیڕۆڕۆشت.

ت) هەموو شیرەکە خەسارببوو.

جێناو: ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە جێگەی ناوێك دەگرێتەوە. "زۆر جار تەنیا بۆ ئەو وشانە بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕستەدا هەمان دەوری ناو دەبینن"[١٥]. هەرچی پێوەندی بە تاك‌و کۆییەوە هەبێت، کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەمی تاك هەیە، کە دەبێت کردارەکانیان بە تاك کۆتاییان پێبهێنرێت. کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەمی کۆ هەیە، کە دەبێت کردارەکانیان بە کۆ کۆتاییان پێبهێنرێت (بڕوانە (١٥)).

١٥- ا) ئەو نان دەخوات.

ب) ئەوان نان دەخۆن.

پ) من کتێبەکە دەنووسم.

ت) ئێمە کتێبەکە دەنووسین.

---

(١٢) چیا عەلی مستەفا، (٢٠٠٨: ٢٢)

(١٣) سەرچاوەی پێشوو: (٢٢)

(١٤) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یوسف شریف سعید، (١٩٩٩: ١١٩ )، چیا عەلی مستەفا، (٢٠٠٨: ٢٦).

(١٥) ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٧: ٣-٤)

**بەشی دووەم: ڕێککەوتن و زمانی ڕاگەیاندن**

**١/٢) ڕێککەوتن لە زمانی ڕاگەیاندندا**

**١/١/٢) زمانی ڕاگەیاندن و سەردێڕ**

پێش هەموو شت، پێویستە زمانی ئاخاوتن‌و زمانی ڕۆشنبیریی یان زمانی باڵا جیابکرێنەوە، زمانی ئاخاوتن یان زمانی ڕۆژانە، ئەو زمانەیە لەلایەن قسەپێکەرانەوە ڕۆژانە بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتن بەکاردەهێنرێت. زانستی زمانی نوێباو ئەوەی سەلماندووە، کە زمان توانایەکی بایلۆژییەو پێوەندی بە هەڵسوکەوت‌و ڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە. واتە هەموو مرۆڤێك زۆر بە ئاسانی دەتوانێت، زمان (زمانی ئاخاوتن)ی ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی بەکاربهێنێت.

هەرچەندە کورد، زمانی ئاخاوتنی زۆر نزیکە لە زمانی ڕۆشنبیری یان زمانی باڵاوە، کە ئەمەش پێوەندی بە مێژووی زمانی کوردییەوە هەیە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە نەشارینەوە، کە لە بەرانبەر زمانی ئاخاوتندا زمانی ڕۆشنبیریش هەیە، زمانی ڕۆشنبیری هەموو ئەم زمانانە لە خۆ دەگرێت ( زمانی زانست، زمانی هونەر، زمانی شیعر، زمانی چیرۆك و ڕۆمان، زمانی ڕاگەیاندن ...هتد).

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمان پێڕەوە[١٦]، واتە خستنەتەکیەکی کەرەستەکانی هیچ زمانێك ئارەزوومەندانە یان لە خۆوە نییە. بەڵکو بەپێی سیستەم‌و یاساو پرەنسیپە. زمان لە ڕاگەیاندندا ئامرازە بۆ گەیاندنی چەمکێك یان واتایەك، واتە یەکێکە لە ڕەگەزو بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن. نابێت زمان بە کەم بایەخ سەیر بکرێت، چونکە پێوەندی تەواوی بەو پەیامانەوە هەیە کە نێرەر ئاڕاستەی وەرگریان دەکات لە پێناوی تێگەیشتندا.

بۆ نموونە نابێت‌و ناکرێت، پەیامی نێرەر لێل بێت یان زیاد لە لێکدانەوەیەك هەڵبگرێت. پێویستە لە ڕاگەیاندندا بە تەواوی پێڕەوی هەموو ئەو یاساو پرەنسیپانە بکرێت، کە لە زماندا هەن. تەنانەت "لە پرۆسەی وەرگرتن‌و وەرگێڕانی بابەت لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر زمانی کوردیی، یان بە پێچەوانەوە، ئاگاداری سیستەمی گراماتیکی زمانەکان بین، بە هەرەمەکی وەرگێڕانێکی حەرفی نەکەین"[١٧].

ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندن‌داو بەتایبەت ڕاگەیاندنی بینراودا کارەکاردەکەن، کەناڵە بینراوە هەواڵییەکان بۆ ئەم بەشانە پۆلدەکەن: سەردێڕ، ڕاپۆرت، هەواڵی وەرزشی، پرۆگرامە گەشتوگوزارییەکان، چالاکی هونەری، چاوپێکەوتن، ڕاپۆرتە ئابوورییەکان...هتد.[١٨]

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها سەردێڕ بە سنوری کاری خۆیی دەزانێت، چونکە هەموو نموونەکان لە سەردێڕی کەناڵە بینراوە هەواڵییەکانەوە وەرگیراون.

سەردێڕ: بریتییە لە نیشاندانی وێنەیەکی خێرای چیرۆکە هەواڵێك[١٩]، یان بەشی یەکەمی چیرۆکێکی هەوالییە یان ناونیشانی چیرۆکێکە، بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی بینەر، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشانەو بەشێوەی کورتکراوە لە چێوەی ڕستەیەکدا دەخرێتەڕوو[٢٠].

ئەگەر ڕەوابێت لە چیرۆکە هەواڵ‌و ڕاپۆرتەکاندا زمان لە ئاستی سێمانتیك‌و پراگماتیکدا بەکاربهێنرێت، واتە بەو هیوایەی چواچێوەی بار لە یەکلایکردنەوەی واتادا ڕۆڵببینێت‌و واتا ڕوونبکاتەوە، ئەوا بە هیچ شێوەیەك لە سەردێڕدا نابێت لێڵی‌و فرەواتاو مەبەستی پراگماتیکی...هتد، یان هەر شتێکی دی خزمەت بە ڕوونی واتا نەکات بەکاربهێنرێت.

---

(١٦) محمد معروف فتاح، (٢٠١١: ١٢)

(١٧) هەڤاڵ ئەبوبەکر، موحازەراتی خوێندنی باڵا، (٢٠١١–٢٠١٢: ٧).

(١٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http:bbc.co.uk/ world service :British Broadcasting Corporation, The Language of the Media,2003

(١٩) سەرچاوەی پێشوو

(20) Shams, M R, (2005: 30-31 )

بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی وردو پێڕەوبەندانە، یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنکار، واتە پێڕەوکردنی یاساکانی زمان لە زمانی ڕاگەیاندندا، کە ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار لە ڕووی ژمارەوە یەکێکە لەو یاسایانە، ناکرێت بە هیچ شێوەیەك بریندارو پێشێل بکرێت.

٢/١/٢) ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار لە زمانی ڕاگەیاندندا

دووری ماوەی نێوان بکەرو کردار و فراوانی فرێزو ڕستەکان، لە میدیای بینرودا، وای کردووە ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار، لەڕووی چەمکی ڕێزمانی ژمارەوە پێشێل بکرێت. تەنانەت هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی بواری میدیا، نەك بواری زانستی زمان پێیان وایە "تا دەکرێت ماوەی نێوان بکەرو کردار کورتو کەمبێتو فرێزەکان زۆر فراواننەکرێن"[٢١].

ئەم فراواننەکردنە لە پێناوی هەندێك شتدایە، یەکێك لەوانە جاری وا هەبووە، ڕۆژنامەنووسەکە لە بیری چوەتەوە کردار دابنێت، یان زۆرینەی جارەکان ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کردار، لە ڕووی ژمارەوە پشتگوێخراوە، لە کاتێکدا لە کرمانجی خواروری زمانی کوردیدا کە سنووری لێکۆڵینەوەکەشە، تەنها ئەم جۆرە ڕێککەوتنە زۆر دیارو بەرچاوە. خۆ ئەگەر ڕێککەوتن لە ڕووی توخمو دۆخەوە هەبوایە کارەکەی زیاتر ئاڵۆزتر دەکرد.

ئاڵۆزی ئەم بابەتە تەنانەت پسپۆڕانی زمانی کوردیشی گرتووەتەوە، ئەوانیش هەندێکجار دەکەونە هەڵەوە (بڕوانە (١٦)).

١٦– ا) *زۆربەی زۆری هەواڵەکان ڕاست نەبوو[٢٢]

کە ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: (زۆربەی زۆری هەواڵەکان ڕاست نەبوون)، چونکە هەواڵەکان کۆیە، نابێت کردارەکە تاك بێت.

ب) *هەزاران دێ لەم کوردستانەدا وێرانکرا[٢٣]

کە ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: (هەزاران دێ لەم کوردستانەدا وێرانکران) یان (یەك دێ لەم کوردستانەدا وێرانکرا)، چونکە بکەر کۆ بێت، نابێت کردارەکە تاك بێت، بە پێچەوانەشەوە.

لێکۆڵەر هەوڵدەدات لەم بەشەدا، کۆمەڵێك نموونەو هەڵەی بەردەوامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بخاتەڕوو، کە نموونەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکیو بەبێ هیچ مەبەستێکی دوور لە بابەتی بوونو بە تێکەڵی، لە سەردێڕی ڕاگەیاندنی بینراوەوە وەرگیراون (بڕوانە (٢٥،٢٤،٢٣،٢٢،٢١،٢٠،١٩،١٨،١٧)).

١٧– کەناڵی ئاسمانی هەولێر، سپێدە، nrt: *ئەمڕۆ گەشتەکانی نێوان فڕۆکەخانەکانی عێراقو تورکیا دەستیپێکردەوە ٢٠١١/١١/٢٢

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: ئەمڕۆ گەشتەکانی نێوان فڕۆکەخانەکانی عێراقو تورکیا دەستیانپێکردەوە.

١٨– کەناڵی ئاسمانی nrt: *لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٤٩ حاڵەتی کوشتنو ١٣ هەزار تەڵاق تۆمارکراوە ...... ٢٠١١ /١١/٢٥

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٤٩ حاڵەتی کوشتنو ١٣ هەزار تەڵاق تۆمارکراون. یان

لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا تەنها یەك حاڵەتی تەڵاق تۆمارکراوە

١٩– کەناڵی ئاسمانی nrt : *لە ماوەی ١١ مانگی ئەمساڵدا لە ناو تونێلی دەربەندیخاندا ١٥ ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە ..... ٢٠١١/ ١٢/٢

(٢١) هەڤاڵ ئەبوبەکر، (٢٠١١–٢٠١٢: ٨).

(٢٢) یوسف شريف سعيد، ، (١٩٩٩: ١٢٧ ).

(٢٣) چیا عەلی مستەفا، (٢٠٠٨: ٢٦).

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: لە ماوەی ١١ مانگی ئەمساڵدا لە ناو تونێلی دەربەندیخاندا ١٥ ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداویان داوە.

٢٠- کەناڵی ئاسمانی nrt : کەلار، تەنیا لە مانگی ١و ٢ی ئەمساڵدا ١١٢ ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویداوە ٢٠١٢/٣/١٠....

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: کەلار، تەنیا لە مانگی ١و ٢ی ئەمساڵدا ١١٢ ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویانداوە.

٢١- کەناڵی ئاسمانی knn: وەزارەتی ناوخۆ: *ژمارەی پاسەوانەکانی بەرپرسو پەرلەمانتاران کەم دەکرێتەوە ٢٠١٢/٣/١١ ....

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: وەزارەتی ناوخۆ: ژمارەی پاسەوانەکانی بەرپرسو پەرلەمانتاران کەم دەکرێنەوە.

٢٢- کەناڵی ئاسمانی کوردسات، کوردستان: بیستو یەك ساڵ بەر لە ئێستاو لە بەردەوامی ڕاپەریندا ئاکرێو بەشێك لە دەڤەری بادینانو شارۆچکەی مەخموور لە هێزی بەعس پاککرایەوە .... ٢٠١٢/٣/١٢

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: کوردستان: بیستو یەك ساڵ بەر لە ئێستاو لە بەردەوامی ڕاپەریندا ئاکرێو بەشێك لە دەڤەری بادینانو شارۆچکەی مەخموور لە هێزی بەعس پاککرانەوە.

٢٣- کەناڵی ئاسمانی knn: حەمرین:*٣٠ گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدەدرێتەوە ٢٠١٢/٣/١٧

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت:٣٠ گۆڕی بە کۆمەڵ هەڵدەدرێنەوە

٢٤-کەناڵی ئاسمانی nrt : *ئەو سەرپێچییانەی لە بواری دامەزراندنو پلە بەرزکردنەوەو خانەنشینکردندا ئەنجامدراوە هەڵدەوەشێنرێتەوە. ٢٠١٢/٣/٢٧

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: ئەو سەرپێچییانەی لە بواری دامەزراندنو پلە بەرزکردنەوەو خانەنشینکردندا ئەنجامدراون هەڵدەوەشێنرێنەوە.

٢٥-کەناڵی ئاسمانی کەرکوك: کۆسرەت ڕەسول: *خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە بڕیار لە سەر مافی سەربەخویی بدا ٢٠١٢/٣/٢٧

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە بڕیار لە سەر مافی سەربەخویی بدەن.

لە کاتێکدا سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاگەیاندنی بینراوە، واتای ئەوە نییە ڕاگەیاندنی بیستراو و نووسراو لەم هەڵانە بە دووربن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هەندێك نموونەی ڕاگەیاندنی نووسراو دەخرێنە بەرچاو، (بڕوانە (٢٦، ٢٧، ٢٨).

٢٦- *لە ئیدارەی سلێمانی بپرسن بۆچی خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوبات گەیشتە بەردەم لقی چوار .....لڤین ، ژ (١٨٨) ل١٨ / ٢٠١٢

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: لە ئیدارەی سلێمانی بپرسن بۆچی خۆپیشاندانەکەی حەڤدەی شوبات گەیشتە بەردەم لقی چوار.

٢٧- *تا ئێستا زۆرێك لە داواکارییەکانی هاوڵاتیان جێبەجی نەکراوە ...یەکگرتوو، ژ. (٨٧٧) دووشەممە، ٢٠١٢/٢/١٣.

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: تا ئێستا زۆرێك لە داواکارییەکانی هاوڵاتیان جێبەجی نەکراون.

٢٨- ڕانیە: *سەدان پسووڵەی نەوت ساختە دەکرێت .....هاوڵاتی/ ژمارە (٧٧٧) چوارشەممە ٢٠١١/١٠/٢٦.

ڕاستەکەی دەبێت بگوترێت: ڕانیە: سەدان پسووڵەی نەوت ساختە دەکرێن.

ئەم نموونانە مشتێکن لە خەرمانی ئەو هەڵانەی، کە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاودەکرینەوە. لێکۆڵەر لە مانشێتو تایتڵی سەرەکیو لاوەکی ڕۆژنامەکان، یان سەردێرو ناونیشانی سەرەکی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە

وەریگرتوون، کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر بە وردی لە چیرۆکی هەواڵەکان بکۆڵرێتەوە، ئەوا هەڵەی زۆر و زیاتر لە ڕووی چۆنییەتی و چەندێتییەوە هەستپێدەکرێت.

### ئەنجام

١- لە زۆرینەی زمانەکاندا ڕێککەوتن هەیە، بەڵام جۆری ڕێککەوتنەکان لە ڕووی چەمکی ڕێزمانییەوە، لە زمانێکەوە بۆ زمانیکی دی دەگۆڕێن.

٢- ڕێککەوتنی نێوان بکەرو بەرکار، بەرکارو کردار، بکەرو کردار لە زارەکانی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە.

٣- زمانی ڕاگەیاندن پێڕەوی هەموو یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیی، بە ڕێککەوتنی کەرەستە بنجییەکانی ڕستەشەوە دەکات.

٤- ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکاران، کەمتر ئاگاداری ڕێزمانی زمانەکەی خۆیانن، بایەخی ئەوتۆی پێنادەن.

٥- زۆرینەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کادری شارەزاو پسپۆڕی زمانی کوردییان نییە.

### پێشنیازو ڕاسپاردە

١- ئەم لێکۆڵینەوە پێشنیاز دەکات، هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن بەشێکی زمانەوانی هەبێت، ئەم بەشە جیاواز بێت لە بەشی هەڵەبڕی و دەرچووانی بەشی زمانی کوردیی کاری تیدا بکەن و بەڕێوەی ببەن.

٢- ئەو پسپۆڕانەی کە لە بەشی زمانەوانیدا کاردەکەن، گوێیان لێبگیرێت. بەو واتایەی بەشەکە کارا و چالاک بێت.

٣- پێویستە نووسینەکان، دوای بەشی هەڵەبڕی بدرێنە بەشی زمانەوانی، یان بەلایەنی کەمەوە پسپۆڕێکی زمانی کوردیی بیانبینێت.

### سەرچاوەکان


١- سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی:

أ- کتێب:

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی –ناو–، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان، ١٩٧٩.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی –جێناو–، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان، بەغداد، ١٩٨٧.

٣- ڕەفیق شوانی، زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨

٤- عەدنان عەبدولڕەحمان سەجادی، فێربوونی زمانی فارسی هەنگاو بە هەنگاو، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٠.

٥- محمد طاهر گوهەرزی، ڕێزمانا کوردی زاریّ کرمانجی، دهوك، چاپخانەی خەبات، ١٩٩٩.

٦- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠١١.

٧- محەمەدی مەحویی ونەرمین عومەر ئەحمەد ، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی شارەوانی سلێمانی ، ٢٠٠٤ .

٨- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

ب- نامەی زانکۆیی:

١- ئازاد ئەحمەد حسەین، سینتاکسیی کرداری لێکدراو لە شێوە زاری هەورامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢- ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسیی لە زمانی کوردی و فارسی دا، ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٣.

٣- بڕوا ڕەسوڵ ئەحمەد، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، سکوڵی زمان، ٢٠١١.

٤- چیا عەلی مستەفا، ڕادەو ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێجی زمان ، ٢٠٠٨.

٥- حاتەم وليا محەمەد، پەيیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٦.
٦- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٧- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١.
پ_ گۆڤار:
١- یوسف شریف سعید، رادەو هەندێ تێبینی دەربارەی رادە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (٤)، ١٩٩٩.
ت-موحازەرە:
١- هەڤاڵ ئەبوبەکر، زمانی ڕاگەیاندن، موحازەرەی خوێندنی باڵا، (٢٠١١-٢٠١٢).

ج- سەرچاوەی نموونەکان:
١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی/ ژمارە (٧٧٧) چوارشەممە ٢٦/١٠/٢٠١١.
٢-گۆڤاری لڤین ، ژ (١٨٨) ل١٨ / ٢٠١٢ .
٣- ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژ. (٨٧٧) دووشەممە، ٢٠١٢/٢/١٣.
٤- کەناڵی ئاسمانی knn، nrt، سپێدە، هەولێر، کوردسات، کەرکوك.

٢- سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:
1- British Broadcasting Corporation, The Language of the Media, 2003 http:bbc.co.uk / world service
2-Carstaris- McCarthy, A. (1992), Current Morphology, London and New York.
3- Cook. V.J and Mark new son. (1988) , Chomskys Universal Grammar, Black well: Oxford.
4-Cook, G.(1992), The Discourse of Advertising. London:Routledge.
5- Julien, M. (2002), Syntactic Heads and Word Formation, Oxford University press.
6- Shams, Mohammed Reza, (2005), Reading English Newspapers. Iran: Kashan University

## الملخص

عنوان هذا البحث (التوافق الفعل والفاعل من حيث العدد فى اللغة الكردية – لغة الاعلام نموذجا)، يتكون البحث من قسمين، القسم الاول يتحدث عن التوافق الفعل والفاعل من حيثا العداد فى بعض اللغات العالمية مع اللغة الكردية، وقد أتضح فيه انواع التوافق وانسجامات فى اللغة الكردية ولهجاتها مع ذكر الامثلة.

وقد خصص القسم الثانى للغة الاعلام والامثلة المستخدمة، فى القنوات الفضائية وتوضيح الاخطاء الشائعة فى هذا المجال.

فى ختام البحث أشير الى النتائج والاقتراحات والتوصيات مع ذكر أهم المصادر.

## Abstract

The Present study, entitled Subject- Verb Number Concord in Kurdish Language with Reference to Media Language as an Example, is of two parts. Part one investigates concord in a number of world Languages in addition to the Kurdish Language dealing with the types of agreement in Kurdish Language, dialects and sub- dialects supported with Examples. Part two deals with the language of Kurdish media in terms of the errors that are often committed in newspapers, magazines, and space channels.

Such kind of errors and their corrections are also considered. In the conclusion, a number of results and recommendations are listed with the references.